# خەزعەل ئەلماجدی:

# شیعر یان خۆرهەڵاتییە یان نییە

و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

*** لە بەشی یەکەمی کارە شیعرییەکانت کە بەو دواییە دەرچووە, بانگەشەی شێوازێکی نووسین دەکەیتو بە شیعری خۆرهەڵاتی ناوی دەبەیت, ئەو زاراوە رەگەزییەی شیعر چی دەگەیەنێت؟**

**ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە شیعرییەتی عەرەبی وەك ئەوەی لە جاهلییەوە لە رێگەی گوتاری رەخنەییو مێژووییمان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بە ئێمە دەگات, تەنها لە گۆشە نیگایەکی تەسکەوە نەبێ نەیتوانیووە بەشێوەیەکی فرە رەهەندی شیعرییەوە لە خۆی بروانێت؟.**

–شیعری خۆرهەڵاتی زاراوەیەکە بەتەواوی بۆ شیعری دنیای کۆن بەکاردێت (نەخوازە بەر لەگریك) پاشان لەگەڵ شیعری خۆرهەڵاتی ناوین ئیجا شیعری خۆرهەلاتی هاوچەرخ (بەدیاریکراوی فۆلکلۆر) بەیەك دەکەنەوە. شیعری عەرەبی بۆ خۆی لە رەگێکی خۆرهەڵاتیەوە سەری هەڵداو, لەسۆمەرو بابلو کەنحانیو میسریدا خۆی هەلدەگرێتەوە, هەروەها بە بازنەیەکی بەرفراوانتر لەشیعری فارسیو هیندیو ئەنادۆلیو چینی دەورە دراوە. هەر چەندە شیعری عەرەبی بەو ژیاریانەوە بەندبوو, بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام کەوتە چالاکییەوە, لێرەدا ئەوە پشتگوێ دەخەین, پشت بە کۆنترین رەگو بەرفراونی جوگرافیاوە دەبەستین. هەروەها گوتاری رەخنەیمان ریسوا ئامێزو پێکەنیناوییە....لێکۆڵینەوەی مێژووی بەراوردکاریمان هەر نییە, بۆیە بە هیچ شێوەیەك نازانین ناسنامەی حەقیقیمان کامەیە. بەرای من هەتا ئێستا خۆرهەلات ئامادەیی لە ناوماندا لەعروبە بەهێزترە, چونکە خۆرهەلات بازنەی وجودی ژیاریمان بەرفراوان دەکاتەوە, وامان لێکدەکات کە زێتر هەست بەمتمانە بکەین, ئیسلامیش لەژیاری خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە, چونکە هەتا ئێستا ژیاری ئیسلامی لە کۆی خۆرهەلاتدا بەسەر عروبەی شیعردا کە دەمێکە وەستاو زالە هەروەها پارێزی لە دەستەواژە رۆحیو هونەریو شیعرییە نوێیەکانی خۆی دەکات شیعری خۆرهەلاتی (ئایینیو پاشان نوێ) هەر لە چەرخی کۆنو ناوەڕاستدا لەشیعری ژیارییەوە کۆنەکان, تاشیعری ئایینیو شیعری فۆلکلۆری شەعبی بەیێزەوە پێمان دەگات ئایا لەو گەیشتنە مەزنتروجودی هەیە. شیعری خۆرهەلاتی تا دەگاتە ئەمڕۆش شیعرێکە لە داهێناندا خۆی هەڵدەگرێتەوە, بەڵام شیعری عەرەبی بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە پەیوەستە.

*** ئایا لەوبڕوایەدایت کە چەمکی (شبنگلەر) لەبارەی ژیاری ئاگرپەرستەکانەوە, لەو دەربڕینەی تۆ نزیك بێت, وەك دەزانین ئەو وەك تاکە ژیارییەك مامەڵە لەگەڵ ئەو هەرێمە دەکات کە دەکەوێتە نێوان هیندو میسرەوە.**

–شبنگلەر هەڵەیە, چونکە ململانێی دێرینی ئاریو سامییەکانی پشتگوێ خستووە, هەروەها ئەو مەسەلەیەی بە چەند سەدەیەك بەر لە دەرکەوتنی (مسیح) بەستۆتەوە, بەڵام خۆرهەلات لای من دنیای کۆن تا دەگاتە رۆمان دەگرێتەوە هەتا دەگاتە گریك ژیاری خۆرهەلاتی تیا بەرجەستەیە, بەڵام بە حەقیقەت رۆمان یەکەمین ژیاری خۆرهەڵاتی لەخۆدەگرێت. تۆ سەیری ژیاری گریکەکان بکە ئایا بەرەو ژیاری بێزەنتیمان نابات کە دواجار ئیسلامی خۆرهەلاتی هەڵیلوشی. من ئێستا هەوڵدەدەم بەرامبەر خۆرئاوا, کۆنی خۆرهەلات بچەسپێنم, چونکە یەکەمجار خۆرهەلات هەبوو نەك خۆرئاوا.

* بەلآم تۆ خۆرهـەلآتی دوور(چین‌و یابـان‌و هینـد)ت خستۆتە نـاو خۆرهـەلآت‌و شـیعری خۆرهـەلآتی, ئایـا پەیوەندی خۆرهەلآتی دوور بەو بابەتەوە چییە, چونکە جیایە لەو پارچە ژیارییەی کە ئێمە لەسەری دەژین.

–هەرگیز ناشێ خۆرهەلآتی دوور بەگشتی لـە خۆرهـەلآتی بکەینـەوە, شـیعری خۆرهـەلآت خۆرهـەلآتی دوور (چین‌و یابان‌و هیند)و خۆرهەلآتی نزیك (فارس‌و عیراقی کۆن‌و شـام‌و ئـەنادۆل‌و جزیـرەو میسـر) لـەخۆدەگرێت, چونکە ناوکۆیی ژیاری لە هەردوو هەرێمەکەدا یەك ناوکۆییە, دواجار ئیسلام کۆی کردونەتـەوە, راسـتە شـیعری چینی‌و یابانی تایبەتمەندی خۆیان هەیە, بەلآم ئەو تایبەتمەندییە لە تەداعیاتی خۆرهەلآتی دوور نییە, ئەگەر نـا باشە ئەو ژیارییانە لەوێ دادەنێیت, چونکە نە خۆرئاواییە, نـەباکوری‌و باشـوری, کەواتـە گومـانی تێدانییـە کـە خۆرهەلآتیە, هەروەها وەك چۆن ئیسلام خۆرهـەلاتی نزیـك‌و ئـەوانی لـە یـەك کۆکردۆتـەوە, بـە هـەمان شـێوە بوزییەت لایەکی دیکەی لەیەك کۆکردۆتەوە.

*ئایا هەست ناکەیت کە پابەستبوونت بە شیعری خۆرهەلآتی وەك ناوت ناوە جۆرێك لـە نیـازی لەپشـتەوە بێت, واتە تۆ بێ ئەوەی لەگەڵ ئەو زاراوەیە بژیت‌و خەباتێکی دوورودرێژی رۆحی‌و پێشـینەت لـە گەڵـدا هـەبێ تەنها بەشێوەیەکی شکلی ئامادەت کردووەو پاشان پرۆژەکەی خۆت لآ دەرهێناوە.

–من دەمێکە بەرەو تیشکۆی رەگی خۆرهـەلآتی هـەنگاوم نـاوە, مـن گـرنگیم بـە هـەردوولا داوە سـۆمەری‌و بابلی‌و میسری ناوکی خۆرهـەلآتن, مـن تـەنیا گەشـتیارێك نـیم بەسـەر رووی دەرەوەی جوگرافیـای هاوچـەرخی شـیعری خۆرهـەلآتی بسـورێمەوە, مـن لـە مێـژەوە هـاتووم, بـەلآم ئێسـتا دەزانم کـە دەبـێ رووی دەرەوەی جوگرافیای خۆرهەلآت بە هەموو تەفاسیلەکانیەوە بناسم, ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەم .

*چۆن ئەوە بەئەنجام دەگەیەنیت؟

–لێگـەرێ بـازۆر بەسـادەییەوە بلێـم مـن بـۆم دەرکـەوتووە کـە بـەپیترین جـۆری شـیعری خۆرئـاوایی هـەر لەسەردەمی رۆشنگیرییەوە تاکو ئێستا ئەو شـیعرەیە کـە ترپـەی دڵـی خۆرهـەلآتی تیایـە, تـۆ دانتـی‌و ملتـۆن‌و پاشان بۆ دلێرو رامبۆو سان چۆن پێرس وەرگرە هەموو خۆرهەلآت لەشیعرەکانیاندا هەناسـە دەدا , گەرچـی لـە یەکتریش جیاوازن. ئایا ئەوە سەرنجت بۆ ئەوە راناکێشی کە شیعر, یان خۆرهەلآتی بێ, یان دەبێ نەبێ.

*ئەو زێدەرۆییە........بۆ دەبێ شیعری خۆرئاوایی هێزی خۆی لە خوێنی خۆرهەلآتەوە هەلگرێتـەوە, ئایـا ئەویدیکە لە شیعری خۆرئاوایی(مەبەستم لەو شیعرەیە کە بە خۆرهەلآت بەند نییە) لاوازە.

–بەڵێ زۆر لاوازە, شیعری تەکنیکاری‌و ساردە, تۆ ئەو کاتە شیعری خۆرئاوا سەیر بکە لەیەکنزیکبوونـەوەی حەقیقی لەگەڵ خۆرهەلآت نەماوە خۆی بەگەورەتر دانا.

*کاتێك شاعیرێك روو لە میتۆلۆژیاو مێژووی رۆحـی‌و ئـایینی دەکـات, وەك ئـەوەی کـە تـۆ بەگـەرمی‌و بـێ جیاوازییەوە سەرقاڵی بوویت, ئایا ئەو سەقاڵی بوونە هەستکردنە بەوەی کە ئێستا خۆرهـەلآت, ئـەوەی ئێمـەی تیادەژین بۆ رەگی شیعری/ژیاری کەمتەرخەمی تیایە؟.

–من دوای (مێژووی رۆح) کەوتووم, هەروەها وا هەستدەکەم کە (ئایینەکان) گـەورەترین نـاوەرۆکی مێـژووی رۆحیان پێکهێناوە, بەلآم ئەدەب‌و شیعر لە چاو ئایینەکان زۆر کەمتر, بۆ یە ئەرکی من بەدوا داچـوونی مێـژووی ئایینەکان خۆی هەڵدەگرێتەوە, پاشان بۆ ئەوەی شیعر دەوڵەمەندو بە پیت بکـەم کەنـدالێکم لـە نێـوان ئـایین‌و شیعر دروست کرد, چونکە زۆر بە سادەیی من وای دەبینم کە شیعر خەلقکردنە وەك ئەوەی لە رێرەوی مێـژووی رۆحی ئاییندا قوڵـپ بداتـەوە, بۆیـە وەك هونـەرێکی دنیـا لـە ئـەدەب دوور کەوتوومەتـەوە. لێرەدا مەسـەلەکە پەیوەندی بە خۆرهەلآتەوە نییـە, چـونکە لێکۆڵینـەوەی مـن بـۆ ئایینـەکان پـر کێشـی خۆرهـەلآت دەکـات‌و لـە مێژووی ئایینەکانی خۆرهەلآت‌و خۆرئاوا دەکۆڵێتەوە, من دەمـەوێ شـیعر بـە ئـایین دەوڵەمەنـد بکـەم, تـۆ بـڕوا دەکەیت؟

*** ئەو قەوارەیە چەندە کە تۆ ناتوانی قسەی لێ بکەیت , یان وەك فیکرو شیعر ناتوانی بچیتە ناوییەوە, هەروەها بەرامبەر ئەو هەرێمانەی بەشێوەیەکی ئیبداعی نەیتوانیووە بیانبرێت.**

–تۆ لە ناوەوە بەوە گومانبارم دەکەیت کە من بۆیە بەرەو بابەتەکانی(ئاینو ئەوانیدیکە) سەری خۆم هەلگرتوو, تا لەوێوە خۆم بئاخنمە هەرێمە قەدەغەکراوە سیاسیو کۆمەلآیەتیەکانەوە بەلآم لەراستیدا ئەو گومانبارکردنە وردەکاری تیانییە, چونکە من دەقی وام نووسیووە کە رۆحی خۆرهەلآتیو ئاینی تیا رەنگدەداتەوەو راستەوخۆ بەرسیاسەتی سەردەم کەوتووە, تۆ بۆ نموونە (حیەو درج) وەرگرە, هەستناکەیت بۆ خۆی شێوە هەولێکە؟

بەلآم من حەز ناکەم راستەوخۆ شتەکان لە چاوی سیاسەتەوە بەرجەستە بکەم, چونکە باشە ئەگەر وا بکەم پەیامی شیعری نوێی من واتای چییە؟

با لەگەلٚ تۆ لەسەر ئەوە رێککەوین بۆ خۆم هەتا ئێستا زۆر لە هەرێمە قەدەغەکراوەکان دوورمو نەمتوانیووە بەشێوەیەکی شیعری چارەیان بکەم, هەروەها سێکسو سیاسەتو ئایینم وەك نەشیوەی ویژدانی وەرگرتووە, نەك موفارەقەیەکی رەخنەیی, ئێستا ئەوە بۆ تۆ جۆرێکە لە پێگەیشتن, بەلآم منیش لەو باوەرەدام کە بێ ئەوەی هێزی شیعریم زیانی بەرکەوێت بەرەو ئەو هەرێمە هەنگاو دەنێم ئەو هەرێمەی کە لە دروستکردنیدا زۆرماندوو بووم.

*** ئایا تۆ لەو بڕوایەدایت کە گرنگە ئەدیبو شاعیرو لێکۆڵەرەو کەسیش بیت, یان خۆت چۆنیت ئەوە بیت؟**

– تۆ ئێستا دەستت خستە سەر برینەکە, من هەرگیز نامەوێ ئەدیبو شاعیرو کەسیش بم, بەلٚکو دەمەوێ خودی خۆم بنووسمەوە, یان دەقی خودی, ئەوەی کە خۆشت دەوێو رقت لێی دەبێتەوە, ئەوەی کە بەسەدەکانی رۆشنبیریو کەندولەندی رۆحی پەیوەستە, من دەمەوێ چالٚەکانی رۆحی تۆمار بکەم, هەموو ئەو شتانە بنووسمەوە کە دەبینم, دوور لە رەگەزە ئەدەبیو تیۆرو کاتیگۆلاکانو دوور لە ئەدیبو شاعیرەکان ئەوانەی کە بە دەمانجە ئاوییەکان رێگایان لآ داخستووم.من دەمەوێ وەك چۆن هەناسە دەدەم ئاوا بنووسم, وەك چۆن پێدەکەنمو خۆشەویستی دەکەم.....من ئەدەبو پێوانەکانم گەرەك نییە, ئازادیم گەرەکە.

***ئەو کەشو هەوایەی کەئێستا قسەی تیا دەکەین, وابزانم پرسیارکردنی لە بارەی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە کالٚ کردەوە.**

– تەواو وایە, ئەوە باشترین رێگەیە بۆ پاکتاوکردنی مۆدێرنەوەو پۆست مۆدێرنە, چونکە ئێمە بە قولی قسە دەکەین, ئیتر مێژووی ئەدەب گران دەکەوێتە, ئێمە کەرۆحمان ئازاد دەکەین مێژووی ئەدەبی بەرەو چاکسازی دەکەینەوە, تۆ ئێستا دەبینیت ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەراستی دەمانەوێت, نەك ئەو فۆرمانەی کە تێی کەوتووین.

*** ئایا تۆ لەو بڕوایە دایت کەشاعیری عەرەبی هەرچەند لە جەوهەری حەقیقەت نزیك بێتەوە, رەمزکردنو بە پەراوێزکردنی زێتر دەبێت.**

–بەلٚێ, ئەو شاعیرەی دەیەوێت حەقیقەت بلٚێ دەکرێتەوە دەروەو بە پەراوێز دەکرێ, وێران دەکرێ, چونکە یاری ساختەچیەکان کەشف دەکات, یاری ئەو یاریکەرانەی کە کەشو هەوای مۆدێرنەو ئەوانیدیکەیان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بەرهەمهێنا, ئەو شاعیرەی کە دەیەوێ ئەو وەهمە دابتەکێنێ, دەیەوێ ئەو وەهمە لە شیعری عەرەبی بکاتەوە بەدبەختە, چونکە ساختەچییەکان لولەی چەکەکانیان ئاراستە دەکەنو وێرانی دەکەن.بۆ ئەوەی دروستی بۆ شیعر بگەرێنینەوە دەبێ بۆچونێکی پاكو قولٚو راشکاوانەمان بۆ شیعر هەبێ, هەر تەنها ئەوانەش دەوێرن ئەو بۆچوونە دەربرن کە ئامادەن قوربانی زۆر بدەن.

* تۆ هەر لە حەفتاكانەوە سەرقاڵی شیعریت, بەشێوەیەكی كراوەو ئازایانە دەتەوێ شیعر لە دەرەوەی ساتەوەختی خۆتو لەناو مێژوودا كەشف بكەیت, بەلاّم ئێستا دەبینم كە چوویتەوە ناوەوەی خۆت, چی وای لێكردیت كە دەرەوە بكێڵیو ئێستا چی وای لێكردیت كە بۆ ناوەوە بگەڕێیتەوە.

– من كۆمەك لە دەرەوە دەخوازم تاكو ناوەوە كەشف بكەم, چونكە ئەساس بۆ خۆی ناوەوەیە,بەلاّم دەرەوە ئەو كلێلانەم پێدەبەخشێ كە ناوەوەی پێدەكرێتەوە هەروەها هەتا ئێستا دەرەوە ناوەوەم بە پیت دەكات, كێلگە بەرەمزچنراوەكانی ناوەوەم دەتەقێنێتەوە. ئێستا من لەناوەوە زۆر پڕم, بۆیە زۆربەی كاتەكانم بۆ پەی بردنی ناوەوە خەرج دەكەم, واملێهاتووە كزە بایەك بەس بێ ئەوەی چەندان مانگ بە باخچەی ناوەوەمدا پیاسەبكەم, بە دەستەواژەیەكی دیكە پێشان ناوەوەم كاڵ بوو, بەلاّم ئێستا گەیشتووە, بۆتە گەنجینە.

پێشتر ناوەوەم ئاڵۆز بوو, بۆیە كۆچكردی وشەی تیاگران دكەوتەوە, بەلاّم ئێستا بەهۆی ئەو دەوڵەمەند بوونەی كە لە دەرەوە بە دەستم هێنا, وەك فیردەوس یان دۆزەخو كەندولەندەكانی لێهاتووە, ئێستا لە توانایدایە بەئاسانی هەڵیكەنێت.

*كۆمەڵەی حەفتاكانم بیر كەوتەوە كە بەنووسینی ئیبداعی نوێو تازەگەری هەڵدەستان, ئایا دوای ئەوەی دابەشبوونو لێكدوركەتنەوە, دەتوانێ پێمانبلێت چی لە هەموو ئەوانە ماوەتەوە؟

–ئەوان هاورێم بوون, من زۆر شانازی بە بەرهەمە ئیبداعیەكانیانەوە دەكەم, وای دەبینم كە شتێكی جیاوازییان خستبێتە سەر شیعری(نوێ)ی عیراقیو عەرەبی, من مەبەستم دەستە بژێكی كەمە لەوانەش (زاهیر جیزانیو سەلام كاظمو رعد عبدالقادر) هەندێكی دیكەش هەن كە ئیبداعیان كەمتر بووە, ئەوانە حەساسیەتێكی نوێو چێژێكی نوێو ئاسۆیەكی نوێو بەرفراوانیان خستە سەر شیعر,بەلاّم بە هۆی بارودۆخی سیاسیو كۆمەلاّیەتی لە حەفتاكاندا نەیانتوانی كایەی خۆیان تەواو بكەن. ئەوەی لەوانیش ماوەتەوە گونجینەیەكە لە قەسیدەی جوان كە كەمیان دەركەوتوون.

* ئایا ئەندۆنیس چی خستە سەر شیعرییەتی عەرەبی, تۆ چیت كردووە؟

– من بەرهەمی خۆم بەبەرهەمی یەكێكی دیكە بەراورد ناكەم, قەوارەی خۆشم لە دووتوێی قەوارەی یەكێكی دیكە ناپێوم. ئەدۆنیس شاعیرێكی گەورەیە, ئەوەی كە خستیە سەر شیعری عەرەبی جیاوازو دیارە, رەخنەگرەكان لەو بارەیەوە چ وەك شیعرو چ وەك تیۆركاریان لەسەر كردووە, من سەرەڕای سەرەنجی تایبەتی خۆم زۆر رێز لە ئەزموونی ئەدۆنیس دەگرم.

بەلاّم بەرهەمی من كەوتۆتە بەر رەخنەیەكی راستو دروست, من قەوارەی كارەكانی خۆم نازانم, نازانم چیم كردووە, چونكە من بوومەتە قوربانی رەخنەگران عیراقی پاشان عەرەب. من بۆ خۆم قسەكردن لە بارەی ئەو بابەتە جێدەهێلم بە گرنگی نازانم, چونكە هێشتا زۆرم لەپێش ماوە.ئێمە لەسەر ئەوە رێك كەوتین كە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە نووسینی خودەوە هەیە, نەك پلەوپایەی شاعیر, من وایدەبینم كە ئەو مەسەلەیە بە بەرهەمی راستگۆیانەوە پەیوەست بێ, جا قەوارەكەی هەرچەند بێ, هیچ پێویستیش بەوە ناكات لەگەڵ یەكێكی دیكە بەراورد بكرێت.

**** * * * *

تێبینی : ئەو گفتوگۆیە لەلایەن (منصور عبدالناصر)ەوە ساز كراوەو لە رۆژنامەی (الصباح)ژمارە 53 / 1–9–2003 بلاّوكراوەتەوە, من تەنها ناونیشانم گۆڕیوە.